www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-11-2006 10:39

# زمانی ستانداردی کورد... زامنی یه کبوونی کورده ... نالی پێنجوێنی

سویسرا



به هۆی ئه و بارودۆخه ی باشووری کوردستانه وه، ماوه ی چه ند ساڵێکه زمانی کوردی گه شه کردن و پێشکه وتنێکی به خۆوه بینییوه، به ڵام به داخه وه ئه و حاڵه ته بێخه وش و گرفت نییه، ئه توانم بڵێم له چه ند ساڵی ڕابووردوودا گه ر ناته بایی ناوماڵی کورد نه بوایه زه مینه بۆ دانان و به ره سمی ناساندنی زمانێکی ستانداردی کوردی له بار بوو، هه رچه نده تائێستا زمانی ستانداردمان به ره سمی نه ناسراوه، به ڵام ماموٚستا فه رهاد شاکه لی واته نی کوردیی خواروو زۆر شیاوو گونجاوه، (کوردیی خواروو زمانێکی ستاندارده و به هه موو پێوه رێکی زانستی و زمانه وانی ساڵانێکه ڕۆڵی زمانێکی ئه ده بیی ستانداردی هه یه) 1. ئێسته ش نه چووه بچێ، ئه کرێ به ئیراده یه کی ده سته جه معی کاری بۆ بکرێ و له لایه ن په رله مانیشه وه له ده ستوردا به فه رمی بناسرێت، چونکه نه بوونی زمانێکی ستانداردی کوردی هه ره شه ی لێکترازان و دوورکه وتنه وه ی زیاتر له کورد زمانانی پارچه کانی کوردستان ده کات.

له م کاته دا به هۆی ده رچوونی ڕه شنووسی ده ستوری هه رێمی کوردستانه وه، ئه م بابه ته قسه و باسی زۆری له سه ر ده کرێت، له ژماره (299) ی هه فته نامه ی هاوڵاتیدا، به ڕێز ماموٚستا موحسین جوامێر بابه تێکی له ژێر ناوی (ئه نفالکردنی زمانی کورد.. به ده ستی کورد) بڵاوکرده وه، به ڕێزیان به و نمونه یه ی له سه ر زمانی عه ره بی، ئه یه وێت به خوێنه رو رۆشنبیرو زماننااسانی کوردو ده سه ڵاتی کوردی بڵێت، که ئێمه ش پێویستمان به زمانێکی ستانداردی یه کگرتووی کوردی هه یه، ده زانم ماموٚستا دڵسۆزیی و خۆشه ویستییه کی له ڕاده به ده ری بۆ زمان و کولتوری نه ته وه ی کورد هه یه و به نووسیینه کانی خه ریکی ناساندن و خزمه تکردنی کێشه ی کورده، به تایبه ت کوردانی باکوری کوردسان، ئه و ده سته واژه و وشه زبرانه شی که ڕه نگه من له گه ڵیدا کۆک نه بم نیشانه ی خه مخۆری و دڵسۆزییه تی. به ڵام مه خابن له لایه ن هه ندێ که سه وه به شێوه یه کی نه شیاو وه ڵامی نووسینه که ی دراوه ته وه. ئه و به ڕێزانه و هه رکه سێکیتر مافی خۆیانه و ئازادن له وه ی که پشتیوانی له شێوه زاری هه ورامی یان هه ر شێوه زارێکیتر بکه ن و هه وڵبده ن که له ئاخاوتن وکۆڕو کۆبونه وه کانیاندا به کاربێنن و له تیاچون بیپارێزن، به ڵا م ئه وه ی که شێوه زاره کان بکرێته زمانی نووسین و خوێندن، ئه وه له سه رحیسابی زمانه ستاندارده که ته واو ئه بێت، سه ره نجام له پێناو به رژه وه ندی ته سکی ناوچه یی و شێوه زاره که دا زمانه سه ره کییه که باجه که ی ده دات، هه میشه وابووه که به رژه وه ندی باڵاو گشتی پێش به رژه وه ندی تاک و ناوچه خراوه، گه ر وامان دانا هه ر ناوچه و شێوه زارێک مافی ئه وه یان پێبدرێ که به شێوه زاری خۆیان له قوتابخانه و فه رمانگه کاندا بنووسن و بخوێنن، ئه وکات شێوه زاری (هه ورامی، لوری، کرمانجیی سه روو، کرمانجیی خواروو) جێگای زمانه سه ره کیه که ده گرنه وه و له هجه و شێوه زاره کان به مروری زه مه ن ده بنه زمان و کوردیش له بری زمانێکی ستانداردو یه کگرتوو ده بێته خاوه ن زمانانی جیاواز، ئه مه ش

ئە وە ندە یتر لێکترازان و دوور کە وتنە وە و تێنە گە یشتنمان زیاد دە کات و خە ونی یە کبوون و یە کگرتنمان زیندە بە چاڵ دە کات. دە مە وێ نمونە یە ک عە رزی ئە و بە ڕێزانە بکە م کە خوازیارن لە پرۆژە ی دە ستوری هە رێمدا شێوە زاری ناوچە ی دڵفرێن و ڕە سە نی کوردان (هە ورامان) بە ڕە سمی بناسرێت، ئە و نمونە یە شم لە سە ر وڵاتی (سویسرا) یە کە لە دیموکراسی و فرە یی و پێکە وە ژیاندا کە م وێنە یە، لە م وڵاتە دا 4 زمان لە قوتابخانە و زانکۆو فە رمانگە کاندا بە ڕە سمی ناسراوە و بە کار دە هێنرێت، زمانی سە رە کی و زۆرینە ش کە دوو لە سە ر سێی سویسریە کان بە کاری دە هێنن، زمانی ئە ڵمانییە، ئە ڵمانی سویسراو ئە ڵمانە کان لە قسە کردندا بە س خوایان یە کە، بە دە گمە ن ئە ڵمانی زمانێکی ئە ڵمانیا لێیان تێبگات، سویسریە کان بە شێوە زاری ئە ڵمانی خۆیان دە ڵێن (شڤایتس دۆیچ) واتە ئە ڵمانی سویسرا و بە شێوە زارێکی سویسری خۆماڵی و ڕە سە نی دادە نێن و زۆر شانازی پێوە دە کە ن، شێوە زارە کە ش لە ناوچە یە کی ئە ڵمانی نشینە وە بۆ ناوچە یە کیترجیاوازی هە یە، وە لێ سویسریە کان لە خوێندن و نوسیندا هە ر زمانە ئە ڵمانیە سە رە کیە کە لە قوتابخانە و زانکۆو فە رمانگە کانیاندا بە کار دە هێنن و پێی دە ڵێن (هۆخ دۆیچ) واتە ئە ڵمانی بە رز، هە رئە وە ش زمانی نووسین و خوێندنە و بە س، کە س باس لە وە ناکات کە شێوە زارە سویسریە کە وا تە (شڤایتس دۆیچ) بکرێتە زمانی نووسین و خوێندن. ئە مە لە وڵاتێکدا کە نمونە ی فرە یی زمان وکولتورو دیموکراسییە. چونکە دیموکراسی مانای زە قکردنە وە ی جیاوازیە کان و کوشتن و لاوازکردنی خاڵە هاوبە شە کان نییە.

هە ر لە سویسرا دا ڕێژە ی لە (0، 5 %) لە سە دا یە ک کە متر زمانێکی سە ر بە خۆو جیاوازییان هە یە
کە زمانی (ڕێتۆرۆمانیە) لە خوێندنگە و فە رمانگە کاندا کاری پێدە کرێت، ئە مە واتای دیموکراسییە کە ڕێز لە زمان و کولتوری نە تە وە جیاوازە کان بگیرێت و مافی خۆیان لە چوارچێوە ی قانوندا بۆدابین بکرێت.
زە قکردنە وە و بە ڕە سمی ناساندی شێوە زارو لە هجە کوردیە کان، هیچ کات لە خزمە تی زمانی ستانداردو
یە کگرتووی کوردیدا نییە، خۆ باوە ڕیش ناکە م برایانی شێوە زاری هە ورامی ماڵجیایی بکە ن و خۆیان بە
زمانێکی سە ر بە خۆو جیاواز لە زمانی کوردان لە قە ڵە م بدە ن؟.
هیواداریشم ئە وجۆرە داواکارییانە بە هە ڵە تێگە یشتن لە مانای دیموکراسی و لاساییکردنە وە و دنە دانی خە ڵکانی تر نە بێت، چونکە مە رج نییە هە موو لاساییکردنە وە یە ک درووست و بە سوودو لە بە رژە وە ندی ئیمە دا بێت. ئە مڕۆ لە زۆرشتدا خە ڵک توشی پە تای چاولێکە ری و شوێنکە وتنی ڕۆژ اوا بووە، ڕۆژاواییە کورد ناسە کانیش بە دە گمە ن دڵسۆزو بە تە نگ یە کپارچە یی زمان و خاکی کوردە وە بن. مامۆستا فە رهاد شاکە لی زماناس وشاعیری گە ورە دە فە رموێت:
(ئە مڕۆ دە یان ڕۆژاوایی هە ن وە ک کوردناس ناسراون و لە وبوارە دا چالاکانە کار دە کە ن... ئە مانە بە ڕۆژی نیوە ڕۆ دوژمنایە تیی کورد دە کە ن و هە وڵ دە دە ن پارچە پارچە ی بکە ن و گومان بخە نە سە ر هە رچییە کی هە یە و نییە... کابرای کوردناس زۆر بە ڕاشکاوی پێت دە ڵێ کوردیی باشوورو کوردی باکوور دوو زمانی جیاوازن، هە ورامی و زازایی و لوڕی زمانی سە ر بە خۆن و کوردی نین، یە زیدی کورد نین، کورد یە ک نە تە وە نییە چونکە زمان و جوگرافیاو مێژوویە کی هاوبە شی نییە) 2.

له كۆ تايدا ده ڵێم زمانێكی ستانداردی یه كگرتووی كوردی مایه ی یه كبوون و یه كڕیزیمانه و یه كبوونیش مایه یی سه ركه وتنمانه.

سه رچاوه كان:

پرسیاره كان هێشتا تینووی وه رامن. ئاماده كردنی هه ڵۆ به رزنجی

1، 2ـ مامۆستا فه رهاد شاكه لی. ل132، ل119 سه رچاوه ی پێشوو.